APIKUR

12ی شوباتی 2024

بەڕێز ریچارد جەی. دوربین

ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا

باڵەخانەی نوسینگەی هارت سێنات 711

واشنتن، دی سی 20510

بەڕێز سیناتۆر دوربین،

لە جێگەی هەشت کۆمپانیای ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) داواتان لێدەکەین لەگەڵ سەرکردەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن پرسێکی گرنگ باس بکەن. ئەندامانی کۆمەڵەکەمان چەندین کۆمپانیای نەوت و گازی نێودەوڵەتی لەخۆگرتووە، کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، لەوانەش سێ کۆمپانیای ئەمریکی و چەند کۆمپانیایەکی دیکەی هاوبەشی ئەمریکا.

ئێمە داوای یارمەتی بەپەلەتان لێدەکەین بۆ فشارخستنەسەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بۆ کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا بنێت، کرانەوەی ئەم بۆرییە خزمەتێکی زۆری ئابووری کوردستان دەکات و لەرێگەیەوە رۆژانە 400,000 بەرمیل نەوتی خاو هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت. تورکیا لە مانگی ئۆکتۆبەری 2023 رایگەیاند، بۆرییەکە ئامادەیە بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە دەست بە هەناردەی نەوت بکرێتەوە. داخستنی بەردەوام بە شێوەیەکی کاریگەر گەمارۆیەکی نەوتی سیاسییە، ئەوەش راستەوخۆ زیان بە بەرژەوەندی و وەبەرهێنانەکانی ئەمریکا دەگەیێنێت.

کۆشکی سپی بانگهێشتنامەیەکی بۆ محەممەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق درێژکردەوە، تاوەکو ئەم بەهارە سەردانی واشنتن بکات. پێش سەردانەکە، کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن دەرفەتێکی گرنگ دەبێت بۆ ئەندامانی کۆنگرێس تاوەکو داوا لە حکومەتی عێراق بکەن، رێگە بدات کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا و ئەندامانی ئەپیکور ئازادانە دەست بە بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت بکەنەوە. دەبێت مەرجەکان بۆ داهاتووی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لەبەرچاوبگیرێن، ئەگەر عێراق لەڕووی ئابوورییەوە بەردەوامبێت لە خنکاندنی وەبەرهێنان، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان.

حکومەتی عێراق دەبێت بەزووترین کات هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێبکاتەوە، هەمواری یاسای بودجەی فیدراڵی عێراق جێبەجێ بکات و بە دڵنیاییەوە پارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت (لەوانەش، ئەندامانی ئەپیکور) بدات. ئێستا نزیکەی 11 مانگە هەناردەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان راگیراوە، حکومەتی عێراق رەتیدەکاتەوە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت و بەردەوام هەڕەشەی دارایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی دەکات – هەرێمێک کە هاوپەیمانێکی خاوەن ئاسایشێکی بەهێزی ئەمریکا بووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ نەوتێک هەناردە ناکات. بە پێچەوانەوە هەناردەی نەوتی ئێران بۆ چەند ساڵێکە لە بەرزترین ئاستدایە. حکومەتی عێراق بە مەبەست رێگریکردووە لە بەرهەمهێنانی تەواوەتی نەوت لە کوردستان، بەو هۆیەشەوە مانگانە بە نزیکەیی 1 ملیار دۆلار لەدەستچووە – لەکاتێکدا بەردەوام باج بە دۆلار لە ئەمریکا وەردەگرێت.

ئەمریکا بە سەرکەوتوویی چەندین وەبەرهێنانی لە کەرتی تایبەت و گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە؛ حکومەتی عێراق ڕێگری لە گەڕانەوەی ئەو وەبەرهێنانە دەکات. کۆمپانیای گەشەپێدانی دارایی ئەمریکا، بۆ نموونە، بە بەهای 300 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی لە پرۆژەکانی وزە لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها، کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکوریش زیاتر لە 10 ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان کردووە. ئەم وەبەرهێنانانەش بەگوێرەی ڕێککەوتنی یاسایی ئەنجامدراون، بەڵام ئێستا خراونەتە مەترسییەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان داکۆکی لە دابینکردنی بودجە و مافەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت دەکات، بەڵام ئەوان ڕووبەڕووی ململانێیەکی قورس بوونەتەوە، ئەوەش پێویستی بە دەستوەردانی ئەمریکا هەیە. مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێککەوتنەکەی لەگەڵ کەناڵی NBC لە 8ی شوباتی 2024 بە ئاشکرا داوایکرد، "ئێمە پێویستمان بە هاوکاری ئابووری زیاترە، پێویستمان بە هاوکاری سیاسیشە... لەم ساتەدا چاومان لە هاوکاری زیاتری ئەمریکایە... پێویستە لەڕووی ئابوورییەوە بەهێز بین."

کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن دەرفەتێکە بۆ ئێوە تاوەکو ڕاستەوخۆ ئەم پرسە لەگەڵ محەممەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق باسبکەن و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی هاوبەشمان بکەن.

ئێمە پابەندین بە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەو هێرشە درۆنی و مووشەکە بالیستییانەی ئەم دواییە و زیادبوونی هێرشەکانی گرووپە میلیشیاکانی سەر بەئێران لە سەرانسەری عێراق. پێویستە ئێمە دەست بە بەرهەمهێنانی تەواوەتی نەوت بکەینەوە و هەناردەی نەوتی کوردستانیش دەستپێبکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی سەقامگیری ئابووری لە هەرێمەکە و دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم کاریگەرییە وێرانکەر و ناسەقامگیرکەرەکان.

ئێمە چاومان لە هەماهەنگی و هاوکاری ئێوەیە لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

بۆ کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان



نیکۆڵاس دەبلیو. ئەتێنسیۆ

سکرتێری گشتی

ئیمەیڵ: Nicholas.atencio@APIKUR.uk

دەربارەی ئەپیکور:
ئامانجی ئەپیکور بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەپیکور ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامانی سازدەکات بۆ هاوبەشکردنی زانیاری پیشەسازی گشتی و ئەنجامدانی کاری باش.